www.kurdistannet.org
07/07/2003 19:41

# ئاسۆی کوردستان ڕوونە

ئەحمەد دەشتی

ڕوخانی ڕژێمی دکتاتۆری بەغدا کارێکی تا بلێی پیرۆز و پڕ لەشادی بوو بۆ گەلی عێراق و هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و مرۆڤ دۆست و نیشتمانپەروەرێکی کورد بە روخانی ئەو دکتاتۆرە ملهوڕە و جنایەت کارە بزەی شادی کەوتۆتە سەر لێوانی هەموو کوردیکی خاکپەروەر پێم وایە کوردێ نیە کە کوردستانەکەی خۆی خۆش بووێ ئەم هەل و مەرجەی کە ئەمڕۆ هاترتە کایەوە ڕەتی بکاتەوە و پڕ بە دل حەز لەم سەرکەوتنانەی گەلی کورد نەکات، هەر لەو ڕۆژەوەی کە سەدامی دکتاتۆر ڕوخاوەو خۆی ون کردووەو تا ئێستاش کەس نازانێ ئەو جنایەتکارە چی وەسەر هاتووەو رۆژ لە دوای ڕژیش دارو دەستەکەی و خراپکاران زیاتر پەلاقەژەی مەرگی هەمیشەییان داوێن و هەمووئەوانەی کە هەمیشە دژ بە گەلی عێراق بووینەوبگرە یارمەتی سەدامیان داوە بۆ ئەو هەموو جنایەتانەی کە لەماوەی چل سالی ڕابوردو بە سەر گەلی عێراق بە زۆری زۆرداری دایان سەپاندبوو، وا ئەمڕۆش هاتۆنەتەوە مەیدان و دەبینین هەموو ڕۆژێ لێرەو لەوێ جنایەتێکی تازە دەکەن و دەست درێژی بۆ سەر گیانی سەر بازانی هاوپەیمانان درێژ دەکەن. سەدامی خوێن ڕێژو دارو دەستەکەی کەی و خراپکاران کە قاو دراون و دوا پەلەقاژەی مەرگیان دەکەن تازە هەرچەند دەست درێژی بکەن و بیانەوێ ئەم کردەوە دوژمن کارانەیان بە رامبەر بە گەلی عێراق ئەنجام بدەن ئەوان هەرگیز ناتوانن کە جارێکی تر بگەرێنەوە سەر کورسی فەرمانرەوایی و جارێکی تر ببنەوە هۆکاری گەرانەوەی ئەو هەموو جناتیەتانەی کە کردویانە و بێنەوەو بکەونەوە گیانی بێ تاوانانی کورد و تەواوی گەلانی عێراق، ئەمرۆ کە جیهان بەرەو لێدانی ترۆریستان و نەمانی هەموو پیاو خەراپانی جیهانی دەروات، ئەم رۆژگارانە بە سەر چوون کە جارێکی تر لە عێراق فاشستەکان فەرمان ڕەوایی بە سەر خەلکی کوردستان و عێراق دابسەپێننەوە، من پێم وایە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوینیش دەبێ بە تێکڕایی وبەرەو ژیانێکی پڕ لە دیموکراتیەت و ئاسایش بڕوات و لەم سەردەمانەش گەلی کوردی سالەهای سال ژێر چنگی داگیرکەران بەرەو قەوارەیەکی مبللی خۆی بڕوات و بۆ هەمەیشە مرۆکوژانی جنایەتکار بە سەر گەلی کوردا لە کوردستان دا تەفرو تونا ببن و جارێکی تر نکارن کە بەسەر گەلانی ئەم ناوچەیە دا بە تایبەتی گەلی کورد زال ببنەوەو بیانەوێ کە دژ بە گەلی کوردو ئازادیخوازانی ئەم دەڤەرانە ئەنجام بدەن و بمان چەوسێننەوە.

من پێم وایە هاتنی زلهێزەکان بۆ عێراق و بەو شێوە ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە لە گەل ئەو هەموو ناڕەزایی و خۆ نیشان دانی چەپەکان و ئیسلامیەکان و زۆربەی زۆرتری جیهانیان کەبە ناوی دژ بەو شەرەی هاوپەیمانان و بەرگری لە سەدام و عێراق دا ئەنجام درا و دیشمان کە چۆن ڕژێندرانە سەر خیابانەکان و بە هەزاران دروشمی دژ بە ئەمەریکایان دەدا و کەچی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان هەر گوێیان نەدانی و کاری خۆیان ئەنجام داو سەدامیان ترۆ کردو هاتن ڕژێمەکەیان تەفرو تونا کردو گوێشیان نەدایە ئەو هەموو ڕاو بۆچونانەی کە دژ بەو هەنگاوەی ئەمەریکا بوون و ئەمەریکاو هاو پەیمانەکانیان بە مەرامی حۆیان گەیشتن و هێزەکانی خۆیانیان لەو ناوچە گرنگە دا دامەزراند و ئێستاش وا زیاتر دابینیان دەکەن، جا من پێم وایە کە ئەو هەموو هەول و تەقەلا و خەرجی و لە دەست دانی گەلێك لە سەربازان و کوشت و کوشتارەی کە کردیان لەم ناوچە گرنگەدا تازە مەحالە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو ناوچەیە بە جێ بێلن، وە پێشم وایە کە ئەم پەلامارو هێرشانە بۆ سەر سەربازەکانیان زیاتر هاندانی مانەوەیانە لە ناوچەیە دا و ئەم هەول و تەقەلایەی خراپکاران جگە لە مال وێرانی بەو لاوە سەرەنجامێکی تریس نیە و سەربازانی ئەمەریکاییو ئینگلیز و هاوپەیمانەکان لەو ناوچەیە دا بۆ زیاتر وەدی هێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەچەسپێن و ئەم کارە خەراپکاریانە دەبێتە هۆی زیاتر خۆ پتەو کردن و مانەوەی ئەو زلهێزانە لە عێراق دا بۆ سالەهای سال و نەك هۆی دەرپەراندنیان، هەموو بەرژەوەندیەکان بە تایبەتب بەرژەوەندی ئابووری ئەمەریکا لەو ناوچەیە دا ئەوە دەخوازێ کە تا سالەهای سال لەو ناوچەیە بمینێنەوەو خۆشیان بە سەر تەواوی ناوچەی ڕۆژ هەلاتی ناویندا بسەپێنن و مەرامەکانی خۆیان لەو ناوچانەدا دابین بکەن، ئەوان کە هاتوون تەنیا بۆ وەدی هێنانی نیازەکانی خۆیان هاتوون و بۆ چەسپاندنی ئەو مەرامانەشیان پێویستیان بە هاوکاری گەلانی ئەو ناوچەیە بە تایبەتی گەلی کورد هەیە، گەلی کوردیش کە گەزیدەی دانی تیژی ژەهراوی سالەهای سالی داگیرکەرانەو تا بلێی تینووی ڕۆژگارانێکی وەك ئەمرۆیە کە زل هێزێکی وەك ئەمەریکا بێن و هاوکاری گەلی کورد بکەن، با بەرژەوەندیەکانی خۆشیان تیا بێت، بەلام بەرژەوەندی کوردیشی تیایە کەهۆکاری نەمانی ئەم هەموو ئازارو میحنەتانەی کە لە هەر چوار لاوە بە سەر گەلی کوردیان هێناوە بێت، جابۆیەکە پێم وایە کە

ئەمەریکا لە ناوچەی کوردستان بۆ ماوەی ساڵەهای ساڵ دادەمەزرێ و بە کویرایی چاوی داگیرکەران کیانێکی میللی کوردیش کە وەك گوناهێکی گەورە لە لایەن نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان دەژمێر دریت دێتە کایەوەو رۆژێ دێت ئەم ئالایەی کە ئەمرۆ وا لە کوردستان شەکاوەیە لە تەواوی جیهان دا بۆ هەتا هەتایە یشەکێتەوەو کوردیش وەك هەموو ڤەلانی جیهان خاوەنی خۆی و قەوارەی میللی خۆیەوە بێت، جا بۆیەکە دەبێ و کە پێشم وایە گەلی کورد هەموو هاوکاریەکی ئەم زل هێزانە دەکات بۆ وەدی هێنای بەرژەوەندیەکانی خۆمان ئەمەش مافێکی رەوای کوردە کە هاوکاری دۆستەکانی کە یارمەتی دەدەن بێت و دوژمنی ئەوانە بێت کە هەموو کارەساتێکیان بە سەر هێناوین، من پێم وایە تازە گەرانەوەی ئەمەریکا ئەوەندە ئاسان و سادە نیەو وە لە بەرژەوەندی گەلی کوردیشە کەئەوان بمێننەوەو گەلی کوردیش وەك تا ئەمرۆکە توانیویەتی کە بۆ خۆی پەیوەندی نێوان ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان دابین بکات و کارێکی زۆر باشیشی کردووە لەم بوارەوە، چونکە دابین کردن و پتەو کردنی دۆستایەتی هێزەکانی ئەمەریکا لە لایەن گەلی کوردەوە دابین کردن و پاراستنی کوردستانە لە پەلامار دانی داگیرکەرە درندەکانی کوردستان کە ئەمەش هۆکاری لە هەر چوار لاوە رێگا گرتنە لە هەموو ئەوانەی کە نیازیان بە رامبەر بە گەلی کورد ناپاکەوئێستاش وان لە سەنگەری توانەوەی گەلی کورد دان، بە تایبەتی دەولەتی کەمالیە تورکەکان و هەموو نەیاران، جا دەبێ کەبەو پەری ژیری و زانینەوە دۆستایەتی ئەمەریکا بکەین، بۆ هەمیشە نەفرین لە هەمو نەیاران بکەین و خۆیان لێ دوور بکەینەوەو ئەوەندە خۆیان پێ هەل نەواسینەوەو بیرو بۆچوونە کۆنەکانمان بە ناوی برایەتی و ئەم جۆرە دەهۆل لێدان واز بێنین زیندوویان نەکەینەوە و هەموو فیتەکانی حەرام زادەیی زۆر چاك بناسین و رێگاش لە گیرە شێوێن و قسە پرووپوچەکانیان بگرین و بەوپەری تواناوە هەولی لە ناو بردنی دوژمنانی خۆمان هوشیارانەو زانانانە بدەین و کەسێ کە تا ئەمرۆش خۆی بە برام نەزانیوەو نام ناسێت دەبی تورێ بدەم و بە گەورەی خۆمی نەزانم و نەفرینیشی لێ بکەم چونکە ئەو رژگارانە بە سەر چوون کا کاکی گەورەو ئاغاو رۆلە کوژم بن.

ئەمرۆ بە هۆی هاتنی ئەو زلهێزانە بۆ عێراق دەبینین کە کوردستان بە پێچەوانەی باشووری عێراق ئاسایش و ئارامی تێدا وەدی دەکرێت و تەواوی سەربازانی ئەمەریکی لە کوردستان دا وا دوورن لە کوشت و کوشتارو توشیان بە بگرەو بەردەو گێرمەو کێشە نەبووە لە لایەن گەلی کوردەوەو دەبینین کە زیاتر رێزیان لێ دەگیرێت و کە ئەمەش بۆ خۆی خەسلەتێکی میللی دیرینەی کوردە کە هەمیشە رێزی لە مێوانانی خۆی ناوە، هەرچەند ئەم خەسلەتە رێز لێ نانەمان لە رابوردودا بوە بە زیان گەیاند بە کوردو کوردستان و دیمان کە چیان وەسەر هێناین و ئێمەش هەر بە براو کەس و کارانی خۆمان دانان، بەلام ئەمرۆ نە ئەمەریکا ئەوانن و نە ئەوانیش ئەو هێز و دەسەلاتانەیان ماوە کە بێنەوە مەیدان و جنایەتەکانیان بەرامبەر بە کورد ئەنجام بدەن، چونکە ئەمرۆ رۆژگار زۆر جیایەو ئەوانەی کە دەبێ رێزیان لێ بگرین و مێوانن لە گەل ئەوان زۆر جیان، پێم وایە ئەم خەسلەتەلە مێژینەمان ئەمرۆکە زۆرمان بە کار دێت و سود بە خاك و نەتەوەکەمان دەگەیێنێ و نابێ هەرگیز لە دەستی بدەین، جا دەبێ پیاو خەراپان و نۆکەرانی داگیرکەرانی کوردستان و تابوری پێنجەم هەمیشە لە ناوە خۆو دەرەوە دوور بکەینەوەو بەو شێوەیە رێزداری خۆمان بەرامبەر ئەو هێزە بیانیانەی کەئەمرۆ دۆستایەتیمان دەکەن و ماوەی دوازدە سالیشە لە هەموو هێرشێکی نامەردانەی داگیرکەرانی کوردستانیان پاراستووین و دەبێ ئێمەی کوردیش بۆ هەمیشە دۆستایەتی ئەوانە بکەین کە دۆستمانن و وازیش لەو هەموو بەزۆر خۆ کردنە برا لەگەل ئەوانەی کە قەت ئێمە بە برا دانانێن و براشمان نین بێنین، دەبێ بە هەموو تواناییێکمانەوە دەستی ترۆریستان و پیاو خەراپان لە ناو کوردستان ببرین و هەستی پوچەل و چەپەل لە ناو بەرین، من پێم وایەگەلی کورد ئەمرۆکە ئاسۆیەکی روونی لە پێشەو وا بەرەو ئارەزووەکانی خۆی دەروات و ئەمەش تا بلێی بۆ گەلی کورد هەلێکی گەورەیە، ئەمرۆکە دەبینین کە ئالای کوردستان وا لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان بە کوێرایی چاوی نەیاران دەشەکێتەوەو لە شاری هەولێری دیرین فرۆکخانەی نێو دەولەتی دەکرێتەوەو وەك وەلاتێکی سەر بەخۆ هەنگاو بەرەو زۆر شتی پیرۆز دەهاوێشترێ و پشتیوانیشمان لێ دەکرێت و هەموو ناوچەکانی تەعریب کراویش واهاتۆتەوە باوەشی نیشتمان و ئالاشمان بۆوەتە رەمزێکی پیرۆزی گەلی کورد کە ئەمانە هەمووی هێمای سەرکەوتنی گەلی کوردە، دەبینین کە نەیاران و دوژمنانی گەلی کوریش نکارن بەرامبەر ئەو هەلوێسەی ئەمەریکا کە دۆستایەتی کردنی گەلی کوردە فیزە بکەن و نقەیان لێ براوە، ئەمە بۆ خۆی پیرۆزیەکی هەتا بلێی مەزنەو دەبێ گەلی کورد ئەوپەری رێزی لێ بگرێت و بە هیچ شیوەیەك دەست بۆ کارێ نەبات کە پەشیمانی لە دوا بێت و ئەم هەلە مەزنەی ئەمرۆی بەرەو سەرکەوتنی هەمیشەیی بەرێت و دۆست و دوژمنانی دیرینەی خۆی زر چاك بناسێ و هەمیشە نەفرینیان لێ بکات، ئەمە ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێکی دلسۆزە.

لەوەتی کە داگیرکەرانی کوردستان هاتۆنەتە کوردستان و گەلی کوردیان لە هەموو ژیانێکی بەختەوەرانە بێ بەش کردووە و ئەو هەموو نەهامەتی و ڕەنج و ئازارانەیان بە سەر گەلی کورد داهێناوە، دوژمنانی داگیرکەر دژ بە گەلی کورد هەموو جۆرە پڕوپاگاندەو شتە ناڕەواکانی کە خەسلەتی خۆیانە و خۆیان ئەنجامی دەدەن، بە سەر گەلی کوردیان داهێناوەو سەپاندوویانە و گەلی کوردیان بە دێو و ترنج و جن و پیاو کوژ و خەراپەکاری بە خەلکانی جیهان نیشان داوە و هەمیشە دژ بە گەلی کوردو پروپاگاندە کردنی خراپکاری لەناو جیهان و کوردستان دا لە هیچ جنایەتێکەوە درێغیان نەکردوەو تا ڕادەیەکیش کاریگەریەتی خۆیان لە ناو ئەم حیهانەدا دژ بە گەلی کورد نواندووە، بەلام ئەمڕۆکە دەبینین هێزە ڕزگار کەرەکانی عێراق وان لە ناو گەلی کوردو گەلی کورد جگە لە ریز لێنان و پێچەوانەی درۆ زلەکانی داگیرکەرانی کوردستان شتێکی تر دژ بەو هێزانە نەکراوەو وەدیان نەکردووە، ئەمەش بۆ خۆی سەر بەرزی گەلی کوردە و هۆی زیاتر نەزیك بوونەوە لە گەلانی وەك ئەمەریکاو ئینگلیز و هاو پەیمانەکانە و سودێکی مەزنیشی هیە بۆ کوردو کوردستان، هوشیاری و زانین و لە ڕۆژگار گەیشتن و دۆستایەتی کردنی وەلاتە یەك گرتووەکانی ئەمەریکا پییێم وایە سودیێکی یەکجار زۆری هەیە بۆ کوردو کوردستان و دەبێ ئەم هەلە بە هەست و بیرو باوەر بقۆزینەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت